# چەواشەکردنی کێشەی ژن و مافەکانی لە لایەن ژنحەزانەوە

هشام ئکرەیی

*ئێرلەندیەکان دەڵێن: شاجوانی ژنان، هەستی لە هەموان تیژتر نیە.*

*فەرەنسیەکان دەڵێن: ژنی باش لە کڵێسەدا هەن.*

*ڕۆسەکان دەڵێن: ئەگەر هەستی ژنێک سارد بێ، خەتای پیاوەکەیە.*

*پورتوگالیەکان دەڵێن: ژنێکی بێ پیاو وەک گیتارێکی بێ داوە.*

*لورد بیرۆن دەڵێت: خۆشەویستی لای پیاو بەشە و لای ژنیش گشت.*

*سیمون دی بیاڤیور دەڵێت: مرۆڤ وەک ژن لە دایک نابێت بەڵام دەکرێ بە ژن.*

کۆمەڵگای کوردستان وەک هەموو جفاکەکانی تری دونیا، نیوەی لە ئافرەت پێکدێ و وەک هەندێ کەس دەڵێن دایکی نیوەی تریشە. کەسانی ئاسایی و نووسەر و ڕۆشەنبیری کورد، شیعر و هۆنراوەو پەخشانی جوانیان وەک جوانی ژنانیان نووسیوە و دایانهێناوە. خۆشەویستی پیاو بۆ ژن و شەیدا و شێت بوونی، بۆ ئەوەی بگاتە دلدارەکەی، هەر لە کۆنەوە ناسراوە. ئەم خۆشەویستیە شێوەی جیاچیای هەبوە و هەیە. هەر لە ئامادەبوونی پیاو بۆ خۆبەختکردن لە پێناو خۆشەویستەکەیدا، تاوەکوو ئامادەبوونی پیاو ببێ بە کویلەی خۆشەویستەکەی یان ئامادەبوونی بۆ کوشتنی ئەڤیندارەکەی، گەر وازی لێی هێنا. خۆشەویستی پیاو بۆ ژن وکردنی بە خوای جوانی وئامادەبوونی بۆ پەرستنی ژن واتای ئەوە نیە کە لە گەڵ مافەکانی ژنە. ژۆزبەی ئەو بابەتانەی لە لایەن پیاوانەوە دەربارەی ژنانیان نووسیوە، پیاوەتی وپاترپارکی پێوەی دیارە. بەبەردەوامی ژن وەک ئەندامێکی لاوازی نێوکۆمەڵگادا دایدەنێن کە پێویستی بە هێزو قسەی خۆشە. وەک کەم ئەندامێک وسقەتێک مامەڵە لە گەڵ ژن دەکەن کە پێویستی بە پیاوە و ژن ئیشی نیە جگە لە پیاوەکەی و زانینی جموجۆڵ و موغامەراتی پیاوەکەی.

کەس بەقەد پەیامبەری موسڵمانان موحەمەد حەزی لە ژن نەبوە و ژنی خۆشنەویستوە بەڵام بەو شێوەیەی ئەو ویستوە و بیری لێکردۆتەوە، نەک چۆن ژن دەیەوێت و لە پراکتیکدا خۆشەویستی موحەمەد بۆ ژن چەوسانەوەیەکی ڕادە بەدەر بوو، دوژمنێکی ئاشکرای ژنانیش هەر ئەوەندە زەرەر و زیانی لە ژنی دەدا. ئەمە زیاتر پەیوەندی بە سیکس و عەشقی جوانی و گیانی ژن و ژنحەزی و پێویستی پیاو بە ژنەوە هەیە، نەک مافەکانی ژن. بە دیدی من، ژنی بە ئاگا پێویستی پیاوێکی کویلە نیە وهەولێشی بۆنادات. ژن پێویستی بە پیاوێک نیە وەک بەبەغا بە هەموو داواکاریەکی ژن بلێت، بەلێ. کێشەی ئافرەت کێشەیەکی سیاسی ئابووری و کۆمەڵایەتیە و تەنیا بە نیازی پاکی پیاو و قسەی نەستەقی پیاو و خۆشەویستی پیاوانە چارەسەرناکرێت. بزوتنەوەی ژنان و مافەکانیان لە ئایدیایەکی تایبەتدا کۆبۆتەوە بەناوی " ژنیزم " (فیمینیزم، (١) ).

بەگوێرەی فەرهەنکی ئەکادیمی سویدی "فێمینیزم" بزوتنەوەیەکە لە پێناو یەکسانی ژنان لە گەڵ پیاوان. فەرهەنگی نورستیدی سویدی پێناسەیەکی تری هەیە بۆ فێمینیزم دەلێ فیمینیزم شێوە بووچۆنێکە داوای باشترکردنی تێروانینی کۆمەڵگا دەکات بۆ ژنان و هەوڵ دەدات یەکسانی ژنان وپیاوان بەدی بێنێت بە شێوەیەکی ڕێکخراو تا بەکارهێنانی توندوتیژی. یەکەمین جار ئەم وشەیە بۆ ئەو ژنانە وتراوە کە توانای خەباتی هەبێ بۆ سەبەخۆبوون (٢) . مافی ژن ئەوەیە کە ژن بۆی هەبێ پێناسەی خۆی بکات بەو شێوەیەی ئەو تێیدەگات نەک چۆن پیاو دەیەوێت و هەردووکیان بەقەد یەک بەرپرسیارن لە کۆمەڵگا و هەموو هێزێک ویاسایەک، سەرچاوەی لە چیاوازی ژنوپیاو بگرێت، دەبێ لاببرێت.

ئەگەر تاکی پیاو بەم شێوەیە لە مافی ژنان بگات، با بزانین نزیکترین ئایدیولۆجی بۆ فێمینیزم کە مارکسیزمە، چۆن دەڕوانتە مافی ئافرەتان و پێیان وایە چۆن چارەسەر دەکرێت.

ڕاستە مارکس باسی ژن و مافی ژنانی کردوە بەڵام بە شێوەیەکی سیستماتیک نەبوە. فرێدریک ئێنگلس بە شێوەیەکی قۆلتر شیکردۆتەوە و دەڵێ: پەیوەندی لە نێوان مولکیەت و پاتریارکی (پیاوسالاری) هەیە، واتە لە خێزاندا دەسەڵات لە دەستی پیاوێکدایە کە ژن و پیاوانی تر دەچەوسێنتەوە و گوێ ڕایەڵی ئەو پیاوەن. چەند کاری ئەو پیاوە بۆ بەخێوکردن و ژیانی ڕۆژانەی خێزان پێویست وگرنگ بێت، ئەوەندە دەسەڵاتی پیاوەکە لە ناو ماڵ و کۆمەڵگادا زیاترو بەهێزتر دەبێت. لای ئەنجلس مولکیەت هۆی چەوسانەوەی ژنانە و بەگوێرەی مولکیەت و بەشداری ژنان لە بەرهەمهێناندا، چەوسانەوە نامێنێت. هەر لە بەر ئەوەش پەیوەندی و پیاوسالاری لە خێزانی پرولیتاردا نامێنێ. لە بەڕێوەبردنی سوسیالیستیدا ژنانیش بەشداردەبن لە بەرهەمهێناندا و بەم شێوەیە دادوەری ئابووری بەدی دێت. کاتێ کۆمەڵگا بەرپرسیار دەبێ لە بەخێوکردن و پەروەردەی منداڵ، واتای خێزان دەگۆڕێ و خۆشەویستی و ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر دەبێت بە بنەما (٣).

بەڵام ئایە بەنەمانی چەوسانەوەی چینایەتی، چەوسانەوەی ژنانیش نامێنێ؟

ئایە ئەو پیاوەی ژنی خۆی خۆش دەوێت ناچەوسێنتەوە؟

چەند پیاوی کۆمۆنیستباوەڕ ژنی کوشتوە؟

لەدوای ڕزگاری ئابووری ژنان لە ئەوروپا، بۆ یەکسانی ژنان و پیاوان بەدی نەهات و بەپێچەوانەوە تازە خەباتی فێمینیستی لە ئەوروپا بە هێز دەبێت.

هەلبەتە وڵامی ئەم پرسیارانە وا بەئاسانی نادرێتەوە و بۆ لێکۆلینەوە و دانوسان بەجێ دێڵم.

ئازادی سیکس، کە هەندێ ڕێکخراوی کۆمۆنیستی پشتگیری لێی دەکەن زیاتر جۆرێکە لە فێمینیزم کە پێی دەوترێت **فێمینیزمی پرۆسیکسی**. ئەوان یەکسانی ژنوپیاو بە ئازادی سیکس بۆ ژن دەبینن. ئەمەش پشتگیریەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ پیاوان. چونکە زیاد لە ٩٩٪ ی ژن ئەو سیکسە لە گەڵ پیاو دەکەن و لە گەڵ پیاو دەبن بەچووت. واتە جارێکی تر ژن دەگەڕێننەوە بۆ ژێر دەسڵاتی پیاو. بەبێ گۆڕینی کۆمەڵگا و ڕەوشتی پیاوان، ژن هەر دەچەوسێنرێنەوە. گیانی ژن مولکی ژنە و دەبێ لە ژێر دەسەڵاتی ژندابێ نەک پیاو. کە ژن کرا بە یەخسیری ئەو گیانە، ئازادیەکەی لە دەست دەدات. هەر لە بەر ئەوەندەش **ڕادیکاڵ فێمینیس**تەکان هەن. لایەنگرانی ئەم بیرە داوای نەمانی سیکس وخۆشەویستی تێوان ژنان وپیاواندا دەکەن تاوەکوو یەکسان بن. چونکە دەڵێن خۆشەویستی پسوولەی ڕێگادانە بە چەوسانەوە. خۆشەویستی پێویستیەکە، لە کۆمەڵگایەکی دادوەرانەو یەگساندا پێویستی پێی نیە.

فێمینیزم ئایدیاییکی تایبەت و سەربەخۆیە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی لە گەڵ هیچ ئایدیایەکی ترەوە نیە بە تایبەت لەم سەردەمەدا کە فێمینیزم پێناسەیەکی بەرفراوانی هەیە وچەندین پارت باوەڕیان پێیەتی. کۆمۆنیزم و سوسیالیزم دوو ئایدیای نزیکن لە فێمینیزم و لەگەڵ یەکسانی بوونی ژنان وپیاوانن، کاتێک تاک لە پێناو کۆدا دادەنێن. بەڵام خودی فێمینیزم زیاتر داوای یەکسانی وئازادی ژنان دەکات. لە هەمان کاتدا لیبرالیستەکانیش بەرگری پتەو لە فێمینیزم دەکەن.

لە کۆتاییدا دەڵێم هەر هەوڵێک بۆ لادانی ژنان لە کیشەی خۆیان چەواشەکردن و دژایەتیکردنی ژنە و دەبێ خودی ژنان خەباتی خۆیان دەستنیشان بکەن. مامەڵەکردن لە گەڵ ژن وەک مرۆڤێکی بێ هێز و هەوڵدان بە هەلخەلەتاندنی بە قسەی خۆش و وشەی دەروێشانە دژایەتیە بۆ ژن نەک پشتگیری. ژنان خاوەنی ئایدیای خۆیانن و دەبێ وەک مرۆڤ سەیریان بکرێت ومامەڵە لەگەڵیان بکرێت، نەک وەک ژن.

**ئەو دێڕانەی پێشەکی نموونەن جیاجیان بۆ تێڕوانینی پیاوانە بۆ ژنان. تەنیا ژن دەزانێ پێویستی بە چیە. با بازرگانی بە مافەکانی ژنانیش نەکەین و زیاتر نەیانچەوسێنینەوە. کۆمەڵگای باوکسالاریە وا لە ژن دەکات زیاتر وەک ژن بیر بکاتەوە نەک وەک مرۆڤ.**

**سەرچاوەکان:**

1- Faludi Susan (1993) kriget mot kvinnorna **شەڕ دژی ژن**

2- Mill، Stuart & Taylor، förtrycket av kvinnorna och kvinnornas befrielse، **چەوسانەوەی ژنان و ئازادکردنی ژنان**

3- Ganetz، Hillevi، Eva Gunnarson (1986) feminism och marxism، En förälskelse med förhinder، **فیمینیزم و مارکسیزم، خۆشەویستی و ڕێگری**

4- www. profeminism. org

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت